**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٩)ی ڕۆژی ٢٤/١٢/٢٠١٤ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤

## یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨

**ماددەی (١):**

ماددەی (حەوتەم) لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و دەستە و کولێژ و پەیمانگا و سەنتەری توێژینەوەی حکومی و ناحکومی پێکدێن و ئەم دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەلکێن:

١ـ زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.

٢ـ زانکۆی سلێمانی.

٣ـ زانکۆی دهۆك.

٤ـ زانکۆی کۆیە.

٥ـ زانکۆی سۆران.

٦ـ زانکۆی زاخۆ.

٧ـ زانکۆی ڕاپەڕین.

٨ـ زانکۆی هەڵەبجە.

٩ـ زانکۆی گەرمیان.

١٠ـ زانکۆی چەرمۆ.

١١ـ زانکۆی کوردستان/ هەولێر.

١٢ـ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

١٣ـ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

١٤ـ زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆك.

١٥ـ ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان.

١٦ـ دەستەی کوردستان بۆ خوێندنە ستراتیجییەکان و توێژینەوەی زانستییەکان.

١٧ـ هەر دەزگایەکی دیکەی حکومی کە هەیە یان دوای دەرچوونی ئەم یاسایە دادەمەزرێن.

**دووەم**: ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەپێی پێوەر و پلەبەندیی زانستی دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندیی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی ڕێنمایی تایبەت.

**ماددەی (٢):**

کار بە هێچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٣):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

بۆ برەودان بە ڕەوتی زانست و ڕێکخستنەوەی سەرجەم دەزگا و ناوەندەکان لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**